بەش: زمانی کوردی

کۆلێژ: پەروەردە/ شەقلاوە

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : ئەدەبی گێڕانەوە

پەرتووکی کۆرس:(کۆرسی دووەم)

ناوی مامۆستا: د. سەیوان موحەمەد

پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | ئەدەبی گێڕانەوە |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | سەیوان موحەمەد |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: saewan.mt@gmail/com<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپێی ئارەزوو):٠٧٥٠٤٦٢٥٩٥٨ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ١٢ بەشە وانە |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ڕۆژی یەکشەممە ودووشەممە و چوارشەممە لە کاتژمێر ٨:٣٠-٢:٣٠ لە هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | - دبلۆم لە زمان و ئەدەبی کوردی، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان هەولێر(٢٠٠١- ٢٠٠٢).<br><br>- بەکالۆریوس لە زمان و ئەدەبی کوردی کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدیین- هەولێر. ٢٠٠٧- ٢٠٠٨.<br><br>- ماستەر لە ئەدەبی کوردی. کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی (٢٠١٣).<br><br>- وەرگرتنی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١١/١٤). |

| | |
|---|---|
| | - دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردی، زمان و ئەدەبی فارسی، بەشی ئەدەب لە زانکۆی کوردستان- سنە. ئێران. کۆلیژی زمان و ئەدەبیات. بەشی زمانی فارسی. ٢٠٢٣ زایینی.<br><br>*بڵاوکردنەوەی دوو توێژینەوە:<br><br>- شێوەکانی نوستالیژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا ٢٠ اردیبهشت ١٣٩٨ هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی (٢٠٢٠) زایینی. گۆڤاری (پژوهشنامه ادبیات کردی، دانشگاه کردستان، سنندج- دوره پنجم- شماره ٧ ١٣٩٨).<br><br>-وطن برساخته در شعر اخوان ثالث و عبدالله پشیو. خرداد ١٤٠٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٢٣زایینی. ( مجله جامعه شناسی فرهنگ و هنر، دانشگاه کردستان، سنندج، تابستان ١٤٠٢). |
| ٩. وشە سەرەکییەکان | ئەدەبی گێڕانەوە/ ئەدەب چییە؟/ مەبەست لە ئەدەبی گێڕانەوە چییە/ گێڕانەوە و گێڕانەوە ناسی/ زاراوەی گێڕانەوە/ پراکتیک |

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

**گرینگی خوێندنی کۆرسەکە:** ئەدەبی گێڕانەوە تاکوو ئێستا لە ناوەندی ئەکادیمی و دەرەوەی ئەکادیمی بایەخی پێدراوە، بەڵام تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتە بە هۆی تێڕوانینی جیاواز و نەبونی کۆ دەنگی سەبارەت بە گێڕانەوە. ئەم وانەیە بۆ قوتابیان زۆر گرنگە، چونکە قوتابیان بە ئەدەبی گێڕانەوە و پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئاشا دەکرێن بۆ ئەوەی لە بنەماکانی گێڕانەوە بگەن. واتە ئەدەبی گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانەی پەیوەندیدارن بەو ڕێگایانەی خوێنەری کورد دەیەوی لە گێڕانەوە بگات دەخاتەڕوو.

١١. ئامانجەکانی کۆرس

١ .ئەم وانەیە لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر گرینگە، چونکە قوتابییەکان بە ئەدەبی گێڕانەوە ئاشنا دەکرێن.

٢ .فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی، ئەویش بە باسکردنی ئەو ڕێگا و پرەنسیپانەی بە هۆیەوە لە ئەدەبی گێڕانەوە دەگەین.

٣ .ئاشنابوونی قوتابیان بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەدەبی گێڕانەوە.

٤ .ئەدەبی گێڕانەوە و ئەدەب بە گشتی پرۆسەیەکی فیکری و فەلسەفیە، پێوەندییەکی لەگەڵ کۆی زانستەمرۆڤایەتییەکانی دیکە هەیە.

١٢. ئەرکەکانی قوتابی

پێویستە قوتابی بە تەواوی پابەندی ڕێنمایی و یاساکانی ناو کۆلێژ و زانکۆ بێت. بەتایبەتی ئامادەبوونیان لە پۆلدا. ئەمەش دەبێتە هەلێک بۆ هێنانەدی دیالۆگ لەسەر بابەتەکانی ئەم کۆرسە. هاوکات قوتابی پێویستە بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بێت لەو بوارەدا بەتایبەتی ئەو

سەرچاوانەی داومانە پێی. لەلایەکی دەبێ ڕاپۆرت ئامادە بکات تاکو وەکو لایەنی پراکتیکی لەو کۆرسەدا کار بکا.

١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە

لەم کۆرسەدا هەوڵێ پێڕەوکردنی سێستەمی دیالۆگ و گفتوگۆ لەبارەی بابەتەکان دەکرێت. ئەمەیش بە بەکارهێنانی سەبوورە تاکو قوتابیان پتر ڕوونکردنەوە وەرگرن. هاوکات بەکارهێنانی گروپ دایەلۆگ بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بۆچوون هەبێت.

١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن

لە کۆی ساڵەکە دوو تاقیکردنەوەی قوتابیان دەکرێ، دوو تاقیکردنەوەیان هەر یەکەی لەسەر (٢٠)نمرە دەبێ، ئەمە دەکاتە (٤٠) ، لەگەڵ (٦٠) نمرەی کۆتایی کۆرس.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی بە هۆی ئەم کۆرسەوە بوارێکی کارکردنی بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیاتی کوردی بۆ دەڕەخسێت، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت چ وەکو نووسەر، چ وەکو توێژەر لە ناوەوە و دەرەوەی زانکۆ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کار بکات. ئەمەیش سوودی لەسەر هەردوو ئاستی سەرخان و ژێرخانی دەبێت. لەسەر ئاستی ژێرخان ئەگەر توێژینەوەی ڕەخنەیی لەبارەی شیعر و ڕۆمانی کوردی دەنووسێت. لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبکاتەوە ئەوا پاداشتی ماددی دەبێت. پرۆسێسەی توێژینەوەکە دەبێتە فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابی.

**١٦. لیستی سەرچاوە**


١.المصطلح السردی فی النقد، احمد رحیم، دار الثقافه.٢٠١٢.

٢. گێڕانەوە ناسی،د.حەمە مەنتک. بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر،٢٠٢١.

٣. توێژینەوەی تیوۆری ئەدەبی، راجێر ویبستیر، وەرگێڕانی عەبدول خالق یەعقوبی، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٦.

٤. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، بوشرا کەسنەزانی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥. کۆماری ئەفلاتون، د. محمد کمال، غەزەلنووس، سلێمانی،٢٠١٥.

٦.گێرانەوە ناسی، ئەحمەد هاشم زادە، پاشکۆی ئەدەبی چاودێر، ٢٠١٧.


| ١٧. بابەتەکان | | | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|---|
| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەکان | د. سەیوان موحەمەد هەفتەی ١٢ بەشە وانە. |
| شێوازەکانی ئەدەبی گێڕانەوە | شێوازەکانی ئەدەبی گێڕانەوە باس دەکەین | هەفتەی یەکەم | |
| گۆشە نیگا | قوتابی ئاشنا دەبێ بەو پێناسە و لێکدانەوانەی بۆ پێناسەکردنی ئەم بابەتە هەن. | هەفتەی دووەم و سێیەم | |
| گۆشە نیگا چییە؟ ئایا گرنگە؟ | لێرەدا ئەو بۆچوونانە باس دەکەین، کە پێناسەی گۆشە نیگا دەکەن، لە روانگەی جیاوازەوە. | هەفتەی چوارەم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گۆشە نیگا ڕوانگەی مێژژوییەوە | هەموو ئەو بۆچوونانەی دەربارەی گۆشە نیگا هەن باس دەکەین. | هەفتەی پێنجەم | |
| شوێن و کات | لێرەدا باسی ئەو نوسەرانە دەکەین کە ڕۆڵیان هەبووە لە نوسینی گێڕانەوە بە شیوە یەکی گشتی، هەروەها گرنگی شوێن و کات لە گێڕانەوە باس دەکەین | هەفتەی شەشەم | |
| پراکتیک | قوتابیان ئاشنا دەبن بە بۆچوونانەی لەبارەی گێڕانەوە وەک توێژینەوەیەک لە ئەدەبی گێڕانەوە بە کۆی ڕەهەند و لایەنەکانییەوە، نموونە بە چیرۆک و ڕۆمان دەهێنینەوە. | هەفتەی حەفتەم و هەشتەم | |
| بیر و بۆچونەکان | هەموو ئەو بۆچوونە باس دەکەین کە باس لە ئەدەبیاتی گێڕانەوە دەکەن | هەفتەی نۆیەم | |
| نمونەکان | لێرەدا پێداگری لەسەر گێڕانەوە دەکەینەوە. | هەفتەی دەیەم و یازدەم | |
| نمونەکان | لێرەدا مەبەست لە گێڕانەوە ناساندنی ئەو بابەتەنەیە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتیگێڕانەوەدا | هەفتەی دوانزە و سێزدەهەم | |
| بەشەکانی گێڕانەوە+ وەسف و تەکنیکە تازەکانی گێڕانەوە | باسکردنە لەوەسف و تەکنیکە تازەکانی گێڕانەوە کە سودی لە سینەما وەر گرتووە. | هەفتەی چواردەهەم و پانزەهەم | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

| | |
|---|---|
| ١٨. نییە | |

١٩. تاقیکردنەوەکان

١.:

پ ١/ ئەدەبی گێڕانەوە چییە؟

پ ٢/ ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە ؟

پ ٣/مێژووی ئەدەبی گێڕانەوە کەیە؟ چۆن توێژینەوەی لێ دەکەین؟

پ ٤/چۆن سروشتی ئەدەبی دیار دەکەین؟

| |
|---|
| پ٥/ پێوندی نێوان ئەدەبی گێڕانەوە کۆن و نوێ چۆن دەبینیت؟<br>پ٦/ گۆشە نیگا چییە؟<br>پ٧/ جۆرەکانی شوێن و کات لە چیرۆکدا چییە؟<br>پ٨/ وەسف لە چیرۆک و رۆماندا کاریگەری چییە؟<br>٩/ جۆرەکانی وەسف لە گێڕانەوە؟<br>١٠/ فلاش باک چییە؟ بەکارهێنانی لە دەقی چیرۆک و ڕۆمان چۆنە؟ |
| ٢٠. تێبینی تر: لەم وەرزەدا سیمنار بە قوتابییان دەکرێت وەک بەشێک لە پراکتیک، کە بەشێک لە نمرەی تاقیکردنەوەی لەسەرە. |
| ٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ |